# ئێعدامی کەسێکی پیر و لاوێکی ١٧ ساڵە

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری هەڵسووڕاوانی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە کاتێکدا ڕای گشتی چاوەڕێی ئێعدامی ١١ کەسە، لە زیندانی سنەوە هەواڵ گەیشتووە کە سەر لە بەیانی ئەمرۆ سێ شەممە ٢١ی جۆزەردان دوو کەس ئێعدام کراون.

ئێعدام کراوەکان کەسێکی ٦٠ ساڵەو نەخۆش بە ناوی رەحیم پشابادی کوڕی حسەین بە تاوانی قەتڵ، کەسەکەی دیکە لاوێکی ١٧ ساڵە بە ناوی محەممەد حەسەن زادە کوڕی فیروز، کە لە تەمەنی ١٤ ساڵی دا تاوانی ئەنجام داوە و دوای دوو ساڵ ڕاگرتن لە کانوونی ئیسلاح و بارهێنانی لاوان، شەوی ڕابردوو لە زیندانی شاری سنە لە سێدارە درا.

شایانی باسە لە دوای ئێعدامی ئەو لاوە زیندانی شاری سنە کەوتۆتە حاڵەتی نائاسایی.